# کورد ڕێگەی خۆی دۆزیوەتەوە

## میچیل جەی تووتن:
## ئەگەر نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابڕێژرێتەوە شوێنێک نامێنێ ناوی عێراق بێت

**بەشی یەکەم**

**ڕۆژنامەنووس مێچیل جەی تووتن کە وەک ڕۆژنامەنووسێک لەسەر پرسە گەرمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەنووسێت و لە بەیرووت دادەنیشێ و ڕیپۆرتاژ و کارە ڕۆژنامەوانییەکانی لە ڕۆژنامەی وۆل ستریت ژۆرناڵ و دەیلی TSC و دەیلی ستاری لوبنانی بڵاودەکاتەوە.**
**بەپێی ئەوەی کار لەسەر کێشە گەرمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، دۆسێی فەلەستین- ئیسرائیل و عەرەب-ئیسرائیل، تەوەری سەرەکی کارەکانی بووە و هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، بەرگری و داکۆکییەکی زۆری لە عەرەب کردووە و هەر لەم ڕوانگەیەشەوە سەیری عەرەبی عێراقی کردووە.**
**سەردانی ئەم دواییەی بۆ کوردستان و گەڕانی بە شارەکانی کوردستان بەتایبەتی دهۆک و هەولێر و کەرکووک و سلێمانی و لە نزیکەوە تێکەڵاوبوونی بە هاووڵاتییانی کوردستان، کاریگەری لەسەر بۆچوونەکانی مێچیل هەبووە هەر بۆیە دوای سەردانەکەی دیدوبۆچوونی خۆی بەم ناونیشانە «کورد ڕێگەی خۆی گرتووە و ئایا ئازادی باڵ بەسەر کوردستاندا دەکێشێت» بڵاوکردۆتەوە ئەم ڕاپۆرتە بەشێوەیەکی تێروتەسەل و واقعیانە خواستی میللەتی کوردستانی بەرجەستە کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕاپۆرتەکە درێژ بوو، گوڵان بە پێویستی زانی پوختەکەی بڵاوبکاتەوە:**

### هەولێر بە بەغدا بەراورد ناکرێت

ڕۆژنامەنووس مێچیل جەی وەک دەربڕینی دیدی خۆی بەرامبەر سەقامگیری بارودۆخی کوردستان بە گشتی و هەولێر بەتایبەتی بەمجۆرە ڕاپۆرتەکەی دەست پێکردووە: لە میانەی گەشتە دوو کاتژمێریەکەی یەکەمجارم بە هەولێردا، هاوڕێکەم پێی گوتم تۆ بەختت هەیە، ئەگەر بەمجۆرە لە بەغدا بگەڕاینایە، ئێستا کوژرابووین، هەر بۆیە بە توندی لە شوفێرەکەم پرسی بە ڕاستی بەغدا هێندە ترسناکە، هاوڕێکەم دووبارە جەختی لەسەر کردووە، بۆم دەرکەوت پایتەختی عێراق لە دەست چووە، بەڵام کاتێک لە پایتەختی کوردستان دەسوڕێیتەوە هەست دەکرێت لێرە زەمەنی شەڕ بەسەر چووە» لە کوردستان یاخیبووان بوونیان نییە، هیچ ڕووداوێکی خەڵک ڕفاندن نییە سنورێکی ناوخۆی بەهێز لە نێوان هەرێمی کوردستان و عەرەبی باڵادەستی ناوەند هەیە «تەنانەت ئەو قاچاخچی و تیرۆریستانەش دەیانەوێت دزە بکەن و بێنە ناو کوردستان زۆر بە توندی لەلایەن هێزەکانی دەورییەی پۆلیسەوە چاودێری دەکرێن».

هێڵێکی دیکەی پاراستنی کوردستان، ئیرادەی کورد خۆیەتی، کە بەهێزترین کۆمەڵگەی دژە تیرۆریستی لە جیهاندا پێکهێناوە و تیرۆریستانی وەک مشک لە کون پەستاوتووە، ئەم کۆمەڵگە ئیسلامییە میانڕۆیە، زۆر زیاتر لە هێزەکانی ئەمەریکا توانیوویانە ئەو خەڵکە توندڕۆ و تیرۆریستانە لەڕیشەوە هەڵبکێشن.

لە ناوچەیەکدا کە لایەنی حوکمڕانی بەدەست پیاوانی ئاینی و پاشماوەی دیکتاتۆری میلیتاریزمەوە بەڕێوەدەچێت، هەرێمی کوردستانی عێراق بە پێوەری ناوخۆی کۆمەڵگەیەکی کراوە و ئازادیخواز و ئاشتیخواز و لیبراڵ پێکهێناوە.حکوومەتی هەرێمی کوردستان، حکوومەتێکی هەڵبژێراوە، ململانێی پارتایەتی هەیە و هەر پارتێک خاوەنی ڕۆژنامەی سەربەخۆی خۆیەتی و ڕۆژنامەگەری تاڕادەیەکی زۆر ئازادە، لێبوردەیی ئاینی هەیە و ئافرەت مافی هەیە و دەتوانێ دەنگبدات.. خەڵکی کوردستان لەشەڕ بێزارن و هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە کە کیانێک بۆ خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێکەوە بنێن بەشێوەیەکی ئاشتی و سەقامگیر تێدا بژین و وڵاتی خۆیان ئاوەدان بکەنەوە.

### ئەو هەرێمەی کورد بەڕێوەی دەبات لە پایتەختی کوردستان ئاڵای ڕژێمی پێشوو نابینرێت

لە هەرێمی کوردستاندا تەنیا ٢٠٠ سەربازی ئەمەریکی بوونی هەیە، ئەم بوونەش تەنیا بوونێکی ڕەمزییە، سوپای کوردستان هێزی پێشمەرگەیە و ئەم هێزە ئاسایشی هەرێمەکەی پاراستووە و بە باشی کاروباری خۆی کۆنترۆڵ کردووە، لەو کاتەوەی کە ڕژێمی پێشووی عێراق گۆڕاوە چەند کارێکی خۆکوژی لە کوردستاندا ڕوویانداوە وەک کارە خۆکوژیەکەی ١ی شوباتی ٢٠٠٤ کە تیایدا سامی عەبدولڕەحمان جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و زیاتر لە ١٠٠ کەسی دیکەی تێدا شەهیدبوون، ساڵی پاریش تەقینەوەیەکی دیکەی خۆکوژی ڕوویداوە، بەڵام لەوە دوا کاری گەورەی دیکەی خۆکوژی ڕووینەداوە.

لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان ئاڵای عێراق «مەبەستی ئاڵای ڕژێمی پێشووی بەعسە» نابینرێت، لە ڕیفراندۆمی نارەسمی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥، کە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا و لە ٨٠٪ی هاووڵاتیان بەشداریان تێداکرد بەڕێژەی ٩٨,٧٪ دەنگیان بۆ سەربەخۆیی داوە ئەمڕۆ کورد لە هەموو کاتێک زیاتر خوازیاری ئەوەیە خەونی چەندین ساڵەی بۆ بێتە دی کە ئەویش مافی بڕیاردان چارەنووسی خۆیەتی، بەتایبەتی کە سەیری باشووری هەرێمەکەی خۆی دەکات و دەبینێ لە ناوەڕاست و باشووری عێراق حوکمڕانیان بە دەسەت پیاوانی ئاینی تەقلیدی یان کۆنەبەعسی و تیرۆریستانەوە هەیە و وڵاتەکەیان کردووە بە گۆمی خوێن، هەر بۆیە تەنیا ئەو کەسانەی بیانبینن وا دەبینن کە کوردستان بەشێکە لە عێراق، بەڵام کە دەبینی کوردستان هیچ

# کوردستان هیچ شتێکی لە عێراق ناچێت




شتێکی لە عێراق ناچێت و کوردیش بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کوردستان عێراق نییە.

## هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی

جەی تووتن وەک هەر ڕۆژهەڵاتناسێکی دیکەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە سنوری دەستکرد و بە زۆر دروستکراو دەبینێ لەمبارەوە نووسیویەتی «ئەگەر دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە خۆیان و بەپێی خواستی خۆیان سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابڕێژێتەوە، ئەوا لەو نەخشە نوێیەدا، هەرگیز عێراق بوونی نابێت، بۆ ئەمەش سەرکۆنەی بەریتانیا دەکرێت کە بەشێکی کوردستانی لکاندووە بە عێراقەوە، بەتایبەتی کە نەخشەی دوای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دارشت، کورد وەک ئینگلیز هێمای «W.C» لەسەر ئاودەست دەنووسن، بەڵام سوورن لەسەر ئەوەی کە ئەم خراپە دەستکردی وینستۆن چەرچلە کە کورتکراوەی دەبێتە« w.c» Winston chur-chil» .

بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان کە بارەگای سەرەکی لە چیاکانی کوردستانە بەردەوام ئەو ڕاستییەی نەشاردۆتەوە کە «مافی بڕیاردانی چارەنووس و سەربەخۆی مافێکی سروشتی گەلی کوردستانە» ، بەم دواییەش تەئکیدی کردۆتەوە «کاتێک کاتی ئەم مافە هات، ئەوا خەونی چەند ساڵەمان دەبێتە هەقیقەت و واقیع» .

## بڕیاری سەربەخۆی کوردستان دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی

لە ڕاستیدا مەسەلەی سەربەخۆبوونی کوردستان لە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆتە مەسەلەیەک کە لە ناوەندە سیاسییەکانی جیهاندا قسە و باسی لەسەر کراوە، لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی «کۆمەڵەی گەلان» بەڵێنی بە کورد دا کە نیشتمانێکی سەربەخۆیان بۆ دابمەزرێنێ، بەڵام لە بری دامەزراندنی ئەم نیشتمانە سەربەخۆیە کورد دابەشکرا بۆ چوار پارچە و هەر بەشەی بووە بەشێک لە عێراق و ئێران و سوریا و تورکیا، بەڵام لە هیچ کام لەو پارچانە ئەم مەسەلەیە هێندەی کوردستانی عێراق کامڵ نەبووە و ڕەهەندەکانی کاریگەریان نییە، ئەوەش لەبەر ئەوەیە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ماوەی ١٥ ساڵە دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئەمری واقعیان هەیە ئێستا لاوەکانی کوردستان هیچ بیرەوەریەکیان نییە سەبارەت بەوەی کە لەژێر دەستی ڕژێمی عێراق ژیاون، هەروەها نازانن چ پەیوەندیەکیان لەگەڵ بەغدا هەیە، بارودۆخی چەوسانەوەیان نەبینیووە، هەر بۆیە هیچ خاڵێکی هاوبەش پەیوەندی لەگەڵ بەغدا نابینن، هەتا ئەگەر بەغدا ئاگریشی تێبەربێت.

زۆربەی کورد موسوڵمانن و سەر بە مەزهەبی سوننەن، بەڵام ئەم ئایینە بە درێژایی مێژوو لای کورد سەرچاوەی لێبووردەیی بووە زیاتر لە هەموو ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

خاتوو پیروز عەبدولقادر کە مامۆستای وانەی ئینگلیزییە لە کوردستان پێی گوتم: «من قورئانم بە زمانی عەرەبی خوێندۆتەوە، دەزانم ئەم کتێبە پیرۆزە زۆر لەوە زیاتر لێبووردەیی و ئازادی تێدایە، وەک ئیمامەکانی عەرەب بانگێشەی بۆ دەکەن» .

**سەرۆکی زانکۆی دهۆک:**

**ئێمە نامانەوێت نەوەکانی ئایندەمان حەز لە شەڕ بکەن.. دەمانەوێت نەوەیەکی ئاشتیخواز پەروەردە بکەین**

یەکێک لەو کەسایەتیانەی کە میچیل جەی لە میانەی گەشتەکەیدا بۆ کوردستان دیداری لەگەڵ کردووە مامۆستا عیسمەت محەمەد خالیدی سەرۆکی زانکۆی دهۆکە، جەی بەمجۆرە قسەکانی سەرۆکی زانکۆی دهۆکی لە ڕاپۆرتەکەیدا بڵاوکردۆتەوە: «عیسمەت محەمەد خالید سەرۆکی زانکۆی دهۆک، ئۆفیسەکەی لە شوێنی کۆنەبارەگایەکی حزبی بەعسی پێشووە و پێی گوتم: کورد دەخوازێت وڵاتێکی تازە بونیادبنێتەوە و دابمەزرێت، بیرکردنەوەیشی سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چەندین هۆکار هەیە بۆ ئەوەی ئێمە وابیربکەینەوە.

مەسەلەی سەرەکیش لەم بیرکردنەوەیە بریتییە لە:

* نامانەوێت نەوەی نوێمان جارێکی دیکە بچەوسێنەوە.
* نامانەوێت نەوەی نوێمان حەز لە شەڕ بکات و شەڕخوازیش کەلتووری ئێمە نییە.

پارتی دیموکراتی کوردستان کەناڵێکی سەتەلایتی بەناوی «التآخي» بە زمانی عەرەبی دامەزراندووە بۆ ئەوەی عەرەب لە هەستی کورد تێبگات، بەڵام لە بەرامبەردا هیچ کەناڵێکی عەرەبی نییە کە بە کوردی پەیامی خۆی بە هاووڵاتییانی کوردستان بگەیەنێ.